# هەولێرم چۆن بینی ؟

قادر نادر

دوای 6 ساڵ لەدوری نیشتماندا ڕۆژی 28/2 /2007 گەیشتمەوە ناو ئەو خاک و خۆڵەی , کە تائێستا خەڵکەکەی ڕەنجی قوربانیەکانی خۆیان نەبینیوە .

هەر لە گەل بینینی ئالای کوردستان و وشەی کوردی لە زاری کارمەندانەوە تەزویەکی خۆشی بەگیانم داهات و ووتەکەی کاک شەماڵی پاسۆکم هاتەوە یاد کە لە گفتۆگۆیەکدا لەساڵی 1992دا ، زۆر بەتورەیی بە ئەندامێکی کۆمنستی کارگەری ووت ، ئارەزوت لێ نیە کە خاوەنی ئاڵا و پاسەپۆرت و فرۆکەخانەی کوردی بین .

هەر لەگەل چونەوەم کاک سالاری هاوڕێم بینی کە ئێستا لەکەنەدا دەژیت ، کە دەتوانین بڵێین کوردستان بەهۆی ئەوەی نیشتمانی هەمووومانە ، کەواتە زۆر ئاساییە کیلۆمەترەکان چەندە زۆر بن لەنێوانمان ، کەچی هەر ببێتەوە شوێنی بەیەکتر گەیشتنەوەمان . ووتی دەزانیت من لە کەنەداوە بۆ شام هاتوم کە چی نرخی بلیتەکەی من هەرزانترەلە ئێوە ؟؟ ئاخر ئەگەر چی بەڕۆژی رۆناک لەمەشدا دەسە لا تی کوردی دەمان چەوسێنتەوە ، بەڵام کە دەتوانین لە هەندەرانەوە بە تەلەفۆن بەماڵەوە رابگەیەنین، تخوا ماستاوو کەوەرو نانی کوردیمان بۆ ئامادە بکەن و بە 4 کاتژمێر بەدیداری خۆشەویستان شاد ببین ، با ئەو دیدارو تام و نرخی ئەم خواردنانە بچێتە 1070 دۆلاری ئەمەریکی.

ئە گەرچی شەو بوو ، بەلام وەک مانگە شەو دیار بوو کە کۆمەلێک گەرەکی ئەورپا ئاسا لە نزیک فرۆکەخانە لە دروست بونایە .

کە مرۆڤ لە هەولێر کەمێک ورد دەبێتەوە ، زۆر بەرونی هەست بەوەدەکات کە هەموو ئەو شتانەی دەستکەوتی مادی تیایە ستۆکهۆلم ئاسا هەیە ، بۆ نمونە نازەسێتی و نیو ستی هەموو ئەو کەلوپەل وخواردنانانەی هەیە ، کە لە دوکانە زەبەلاحەکانی ئەورپیش ڕێز بەند کراوە ، بەهە مان نرخ ، بەڵام بێ ئەوەی 30% باج بدەن!!؟؟ لەکاتێکدا موچەی تاکی ئەورپی وکوردستان ئاسمان وڕێسمان جیایە ، بۆیە خەلکێکی زۆرم بینی تەنیا بۆ بینینی لەناویدا دەخولایەوە .

هەموو ئەو شوێنە گشتیانەی کە پلە یەکن لە میوانخانە ، چێشتخانە ، بازارە زەبەلاحەکانی ، کە کەس نازانێت خاوەنە ڕاستیەکەی کێ یە؟؟ وەک نەخۆشخانەکان کارەبای فۆلیان هە بوو ؟؟

کاتێک سەیری گەرەکە هەژار نشینەکانی وەک شادی و پۆتیناوا و شاپاوەو.... لەگەل گەرەکەکانی دۆلاراوە ، شوقەکانی زەکەریا ، بەرامبەر پەرلەمان... دەکەیت، هەست دەکەیت هەولێر 2 کیشوەرە ، لایەکی ڕۆژهە لاتیانە ژیان بەسەر دەبات لاکەی تری ڕۆژئاوا ئاسا.



**گۆرەپانی یاری منالان لەگەرەکێکی دور لە بەرپرسدا .**

**لە شاری هەولێردا هەموو کەرەسەیەکی ئامێری کارەبایی و تەکنیکی هەیە وەک کامیراو مۆبایل ...بەڵام عەقلی زۆرینەی خەڵک هێشتا خێلەکیە ؟**

**دوا مۆدیلی ئۆتۆمۆبیل هەیە بەلام ئەوەی نەبێت بێ یاساییە لە لێخوریندا ، راستە تیرۆر و تەقاندنەوە زۆر دەگمەنە لەکوردستانا ، بەڵام ڕۆژ نیە لەم کوردستانەی ئێمەدا کۆمەلێک مرۆڤ بەکارەساتی ئۆتۆمۆبیل گیان لەدەست نەدەن ، ئەمەش لە بێ بەرنامە و بێ یاساو و گرنگی نەدانی دەزگا سیاسیەکانی کوردستانە بە رامبەر ژیانی تاکی ئەم کۆمەلگایەدا .**

**تەلاری ئەورپیانە لە زیاد بوندایە ، بەلام هەر سەد مەتر لەملاترەوە بێ ئاوی وکارەبایی وسوتەمەنی زۆرینەی خەلکی هەراسان کردبوو !!!**



**شیراتۆن بەدوا مۆدیلی**



**بازاری نیشتمان کە زیاتر لە 2500 دوکان و چەندین هەزار شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبیلی تیایە ،**

که  به دوا مۆدیل ئەم بازارە دروست دەکەن .
لە هەولێردا کەم ئافرەت هەیە مۆبایلی نەبێت  بەنەخوێندەوارەکانیشەوە ،   زۆر ئافرەتم  بینی ئۆتۆمۆبیلی لێدەخوڕی ، پۆلیس بوو لە فرۆکەخانە  ،  وەلێ ڕۆژانەش گوێ بیستی ئەوە دەبین ئەم ژنە کوژرا ، سوتا ، بەردباران کرا ....
ئەگەر چی هەولێر پایتەختە کە دەبێت شاری نارەزایەتی و چالاکی جەماوەری بێت ، کە چی خۆپیشاندان ،    نارەزایەتی   ، مانگرتنێک کە ئازاری گەورەی خەلک ورەخنەی گرنگ بێت لەدەسەڵاتا   نە دەبینی نەدەبیستی!!؟؟.
ئەو ماوەیەی لە هەولێر بوم  زۆر هەوڵم دا  لەگەل هەندێ برادارى ڕۆژنامەنوس کە کارێک بکەین دژ بەو فشارانەی دەخرێتە  سەر یان ، وەلێ ناهە قیان ناگرم کە نە هاتنە پای ئەم مەسەلەوە  . ئاخر ئەوان  ئازار و عەقلیەتەکان زیاتر لە ئێمە  دەناسن و چیان پێ کراوە!!؟؟  . هەر بۆیە یەکێک لە رۆژنامەنوسەکان بەڕاشکاوانە   وتی  براکەم تۆ دەرۆیت کێشەکە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە ، ئەگەر چی پێم راگەیاند لەگەرمەی هەر فشارێکدا لەگەلتانم  کەچی سەرێکی لەقاندو وتی  بمان بوورە .
ئەگەرچی دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی  ڕۆژنامەگەری هەیە ، وەلێ زۆر بەدەگمەن کۆڕێکی سیاسی ،  رەخەنەیی لە بەرامبەر دەسەلات دەبینی    .
هاورێیەکی فلکەی چەپم پێی راگەیاندم براکەم هەقە لەوە بگەیەت کە ئەو فلکەی چەپەی قوتابخانە و مەڵبەندی خەلکی ئازادیخواز و نارەزایەتی جەماوەری  بوو.  ئێستا پێی دەڵین  فلکەی چاو حیزان .
ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ووتەی فرۆشیارەکی  جلو بەرگ بوو  کاتێک زانی لە هەندەرانەوە هاتوینەتەوە  ، بەدەنگێکی پر لە  خەماوی زۆر قوڵەوە وتی بەرپرسەکانمان هەموویان  پارەی ئەم گەلە لف دەکەن تخوا بەسەردانیش مەگەڕێنەوە  . یان ئەو شوفێرە تاکسیەی  کە پێ ی ووتم   من نەخوێندەوارم بۆیە  زۆر ئاسایە حزبی بم ، بەلام تخوا شورەیی نیە  ئەو مامۆستایانەی زنکۆ و هەندێک ڕۆشنبیر    بونەتە داکۆکیکەرلەو بەرپرسانە.  یان ئەوەتا  بۆچ ئەحمەد ئیسماعیل بە250 ملیۆن دۆلار دەتوانێت کارەبا مان بۆ دابین بکات ، کە چی حکومەتی کوردستان بە ملیارەها دۆلارەوە ناتوانێت  2 ئەمپێرمان بداتێ  ،   بەر لەوەی مالئاواییش لە هاوڕێیەکی دێرینم  بکەم داوام لێ کرد کە  گۆڕانەک لە ژیانی خۆی بکات  ،   ئاخر چۆن دەبێت تەسلیم بەو قەدەرەببیت ،  کە هەر خەم و جگەرە هاورێ ی سەرەکیت بێت ، وتی قادر گیان تەمەنم 40 ساڵە ،  23 سال بەعس بردی ئەوا 16 سالیش پارتی و یەکێتی   چ خۆشیەک لەتەمەنی ژیانم ماوە؟؟

هەر بۆیە دوایین ڕۆژ  خۆم کرد بە نێو شەقامی دەڵال خانە و سەرێکم بەرز کردەوە  هێلانەکەی حاجی لەق لەقی (1)  شەهیدم بینی زۆر تێی ڕامام زۆر    لەگەل هەر سەیرکردنێک بەقۆلی دەیان بیرەوەری ، لەجوانیەکانی ئەم شارە لە  نارەزایەتیەکانی دژ بەگەندەڵی ، خۆپیشاندانەکانی دژ داگیرکەران ،گفتوگۆو کۆرو سیمنارە بەردەوام و گەرمەکانی  ، تەقە وزەبروزەنگی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئاسایش  یەک بەدوای یەک بە یادم دەهاتەوە . هەر ئەوەم  دەووت یادت بە خێرحاجی لەق لەقی شەهید تا تۆ تیرۆر نەکرا بویت ،  بە ئاستی بەرزایی هێلانەکەت هەولێر  لەم کارە جوانانە  لەسەروی هەموو شارەکان بوو ، بەلام دڵگران مەبە  هێشتا ئەم  شارە زۆر دەنگ و رەنگی جوان و بوێر تیا ماوە ، کە ڕۆژەک دادێت  تۆلەی تیرۆکردنی ئێوەیان لێ ببێتەوە .



پاشماوەی هێلانەکەی حاجی لەقلەقی شەهید

1/  حاجی لەقەلەق لە ساڵی 1995 دا لەگەرمەی  شەری ناوەخۆدا دەستێکی رەش تیرۆری کرد